# مام جەلال...
# "خۆزگە بۆ ئێمە بوایت"!



**مەحموود خەلیل**
**زەرگەزەوی – قاهیرە**
Zergezewi87@yahoo.com

لەسەرەتادا، پێمخۆشە ئەو بەسەرهاتە راستینەیە بگێڕمەوە، بۆئەوەی خوێنەرەوەی خۆشەویست واتێنەگات ئەم چەند دێرە بە (کەیف)ی هێندێک کەس و لە (حەیف)ی هێندێکی تر نووسراوە! جا بەرلەوەی بێمە سەر رووداوەکە، داوای لێبوردن لە خوێنەرەوانی زێدە بەڕێزو ئەوانەش کە ناویان هاتووە، ئەکەم. چۆنکە؛ ئەگەر دەستکاریی بکرێ، ئەوە ئەوکات هیچ تام وبۆیەکی نامێنێت، لە زانستی رەوانبێژی (علم البلاغە)شدا، یاسایەکمان هەیە ئەڵێت: "والامثال لاتغیر فی مضربها عن حال موردها، والا لم تکن..الخ" کوردییەکەی: واتا، ئەبێ وەک خۆیی و بێ زیادوکەمی بگێڕدرێتەوە، ئەگینا نابێتە ئەوەی کە ئێمە مەبەستمانە.

رووداوەکە: دوای هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بەڕێبەرایەتیی (ی.ن.ک) و، گەڕانی مەفرەزە تایبەتەکان بەگوند و دێهاتەکانی کوردستاندا، رۆژێک لە رۆژان تاقمە پێشمەرگەیەکی سەر "پارتی کۆمۆنیستیی" (حزبی شیوعی) بە ئاقاری گوندەکەمان (گوندی زەرگەزەوی لە دەڤەری زرارەتیی) تێپەڕئەبن و لە (شوان)ێک ئەپرسن: "ئەرێ شوان.. تۆ جەلالیی یان مەلایی (پارتی یان یەکێتیی)ت؟!" شوانەکە – لە تووڕەییاندا– ئەڵێت: "نە جەلۆمە، نەمەلۆمە، حوکمەتێکی سەربەخۆمە!". ئەزژی، نە "گۆڕان"م (ئێستا یەکێتیی، گۆڕان بە تاکە دوژمنی ئەزانێ!) و، نە (پارتی)م و، نە (ئیسلامیی)شم و، وەک چۆن (کۆنە یەکێتیی)ش نیم!! بەڵکو، کوردێکی موسڵمان وخەڵکی باشووری کوردستانم و، هەر لە منداڵییەوە بە (بیری نەتەوەیی کوردانە) –واتە نە بیری (قەومیەت)ی رۆژهەڵاتیی و، نە بیری (ناسیۆنالیزم)ی رۆژئاوایی– گۆشبووم. بۆیە ئەم رووداوەم گێڕایەوە، بۆ ئەوەی (دەروێشانی یەکێتیی و هەڤاڵ مام جەلال!) نەڵێن، ئەم نووسینە بە (کەیف)ی هێندێک کەس و، لە (حەیف)ی ئێمە، نووسراوە. لە راستیدا، کەس نکۆلیی لە زیرەکیی و لێهاتوویی بەڕێز مام جەلال ناکات، ئێمە کە باس لە بەڕێزیان ئەکەین، وەنەبێ مەبەستمان ئەوە بێ کە بەڕێزیان لە نەزانینەوە کەوتبێتە ناو ئەو (فەلت)انەی کە ئێمە لەسەری ئەنووسین:

١– مام جەلال بوو لە ساڵی ٦٣، پەرتەوازەیی و دووبەرەکی خستە نێو ریزەکانی شۆڕشی کوردستان (شۆڕشی ئەیلوول).

٢ – مام جەلال بوو لەهەشتاکان، تاک لایەنە (واتە، تەنیا یەکێتیی!) دانووساندن (مفاوضات)ی لەگەڵ حکوومەتی بەخدا (بەغدا) کردو، وەک مێژووناس و بینەروشاهیدی رووداوەکانی ئەوسا بەڕێز مامۆستا مەسعوود عەبدولخالیق ئەڵێت: "ئەگەر ئەوکات نەوشیروان مستەفا نەبوایە، کورد تووشی شکستێکی زۆر گەورە ئەبوویەوە بەهۆی ئەم دانووساندنە !" (بنوارە: پاشکۆی رۆژنامەی "رۆژنامە" (پرد) ژمارەی ٢٠٠٩/٦/١ ؛ [چۆنێتیی فۆرماتکردنەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان]، نووسینی: مەسعوود عەبدولخالیق)

٣– مام جەلال بوو، واژۆی (بە فیدرالیکردنی پارێزگاکانی) کرد!

٤– مام جەلال بوو، فرمێسکی بۆ (ئایەتوڵڵای عوزما حەزرەتی ئیمامی خومەینی!) رشت!

٥– مام جەلال بوو، (تەواف)ی بە دەوری (مەرقەدی حەزرەتی "ئەتاترک") کرد!

٦– مام جەلال بوو، ٣٣٪ی بۆنەتەوەکانی ئەو کەرکووکەی، کە ئەو نێوی "قودس"ی لێناوە، دانا!!

٧– مام جەلال بوو، دژی (بە بنەماڵەیی بوونی پارتیی) لەو حزبە جیابوویەوە، کەچی هەرخۆی "یەکێتیی" کردە بنەماڵە!

٨– مام جەلال بوو، بانگەشەی (سۆسیاڵ ئینتەر ناسیۆنالیست) ئەکرد، کەچی هەر ئەو، هەوادارانی "گۆڕان"ی نانبڕاو کرد !

٩– مام جەلال بوو، خۆی وەک پێخەمبەری ئازادیی بیروباوەڕ نیشانئەدا، کەچی هەرخۆی، هاوخاباتانی دوێنێی "تەخوین" کرد!

١٠– مام جەلال بوو، کاتێ (نەوشیروان مستەفا) گوتی: "ئەگەر کەرکووک نەگەڕێتەوە سەر کوردستان، ئەوە عیصیانی مەدەنی رائەگەیێنین" مام جەلال بوو گوتی: "ئەوە رای خۆیەتی وگوزارشت لە سیاسەتی یەکێتیی و کورد ناکات!"

مام جەلال بوو..مام..جەلال.. بوو!

ئەمە جگە لەو لێدوانانەی کە هەمیشەو بێ "گومرگ" ئەیاندە و، هەموو جار هەستی ملیۆنەها کورد زامدار ئەکات! بۆ نموونە: "دەوڵەتی کوردیی، خەون و خەیاڵی شاعیرو نە تەوەپەرست و موتەتەڕڕیفانە" " بە مەکتەب سیاسی (ی.ن.ک)م گوت: کاتێ ئەچمە بەخا، عەبای عەرەبیی لەبەر ئەکەم"..

ئنجا، دوای هەڵبژاردنە پارلەمانییەکەی ٢٠١٠/٣/٧ی ئێراق، فەخخامەتی سەرۆک کۆمار "حەج"ی بۆچەند وڵاتێک کردووە –ئەمە تەعبیری من نییەو هی رۆژنامە میسرییەکانە– وەک؛ (ئێران و، سەعودیە) و دواتریش (لە ٢٠١٠/٥/٨) بۆ (میسر).

زۆرباشە! بەڵام..! ئەو هەموو سەفەرەی بەڕێزیان بۆ کۆمەک و پشتگیریی و خۆئامادەکردن بوو بۆ جاڕدانی دەوڵەتی کوردستان؟؟ نا.. نا! ئەی خۆی ناڵێت : "خەونی شاعیرو موتەتەڕڕیفانە!"، ئەی بۆ "گەڕاندنەوەی کەرکووکی قودس بوو؟" نا.. باوکی من نا.. بۆ هێندە جاڕسی؟ ئەی بۆچی بوو..؟!

ئاااا...بیرم هاتەوە، ئەوەکەی (سەعودیە) بۆ ئەوەبوو پێیان بڵێت: "ئێراق، دەوڵەتێکی عەرەبی سوننەیەو، هەرگیز بەم گەجەروگوجەرانە [بەم شیعە رافزییانە] نابێتە شیعەوبێخەم بن".

بۆ (ئێران)ش: "ئێمە، هەرگیز ستەمی زیاتر لەهەشتا ساڵەی سوننەی شۆڤێنیمان لەیاد ناچێت و، برایانی شیعە زۆرینەن، ئەبێ هەرخۆیان حوکمڕانبن!"

ئەوەکەی (میسر)یش: "جەنابی سەرۆک موبارەک ! سەرەتا پیرۆزبایی چاکبوونەوەت لێئەکەم و، هیوادارم دوای خۆت کاک جەمالی کوڕت بێتە شوێنەکەت. لەپاشان: هاتووم بەناوی گەلی ئێراقی (برا) وە، تەئکید بکەمەوە کە وڵاتەکەمان – ئێراق – ئەندامێکی کاراو وچالاکی دامەزرێنەری "کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی" یەو، هەرگیز رێ نادەین کەسانی نەتەوەپەرست و موتەتەڕڕیف بڵێن: جگە لە عەرەب، گەلی تر لەو وڵاتە هەیەو، پێمخۆشە – هەرچی زووە – رێنمایی نوێ دەربکەن، بۆئەوەی هەردەمودەست و.."ئەمرەک یاباشا..حازر یافەندم" جێبەجێیان بکەین. بەڵام توخوا کاک ئەیاد عەللاوی رازی بکەن بۆ ئەوەی بیبێتە جێگری سەرۆککۆمار".

کەواتە، ئەو هەموو کەین و بەینە (بێنەو بەردەیە) هەمووی بۆ پۆستی سەرۆککۆماریی بوو..

بەڵێ..بەڵێ..ئەهاااا..تازە تێگەیشتم!







ئاخر ئەڵێن: ئەمجارە سەرۆککۆمار مافی ڤیتۆشی نییە..

بەخوا زۆر بڵێی (پڕ بێژی)، گرنگ ئەوەیە سەرۆککۆمارییەو تەواو و..ئیتر بیبرەوە!.

من نازانم، پۆستی سەرۆککۆماریی چ سوودێکی بۆ کورد هەبووە – نەک بۆ تاڵەبانیی، چۆنکە سەرەڕای مووچەی زۆر، لە وڵاتانی "خوشک" [بۆ نموونە ئێران] و "برا" [بۆ نموونە میسرو سەعودیە] فەرشی سووری بۆ رائەخەن – تا هێندە تامەزرۆری بین؟

کاتێک ئەو هەڵسوکەوتانەی بەرێز مام جەلال ئەبینم؛ یەکسەر ئەم بەسەر هاتەم بیر دێتەوە:

جارێک، پاشایەکی عەرەب، داوا لە (شێخ) زانایەکی ئایینی ئەکات بۆ ئەوەی نەختێ ئامۆژگاریی سوپای وڵاتەکەی بکات.. ئەو زانایە هەرکە سەیری سوپاکەی ئەکرد، ئەیبینی کە هێزێکە بەرگری لە گەندەڵیی و "شەیتان" و هەموو شتێک ئەکات.. تەنیا خاک و نیشتمانەکەی نەبێت، بۆیە ئەو زانایە بەیەک وشە ئامۆژگاریی سوپای وڵاتی کردو گوتی:

"هۆ سوپای.... خۆزگە بۆ ئێمە بوایت!"

منیش ئەڵێم: "مام جەلال.. تاڵەبانی، خۆزگە بۆ ئێمە بوایت!!" دیمۆکراسی تاکە چارەسەرە..

# بۆچی وەها سیاسەتێک؟!

**مهدی عبدالله**

ئەوەی کەکۆی زانایانی ئاینی و رۆژئاوایی و فلاسیفەکان لەسەری کۆکن سیاسەت واتا: بەڕێوەبردنێکی دانایانەی کاروباری تاک و کۆمەڵ. بەڵام میکاڤیلی ئیتالی(١٤٦٩_١٥٢٧) جۆرە سیاسەتێکی پێچەوانەی بۆدەسەڵاتدارانی جیهان دارشت( هونەری گەیشتن و مانەوە لەدەسەڵات ) _مەوسوعەی جودی_مسعود عبدلخالق:ل ٣٧، بالفعل ئێستا هەمان سیاسەت لە دنیا پەیڕەو دەکرێ، بەتایبەت لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کەبەهەمو هێزیان دەستیان گرتووە بەسەر دەسەڵات و حکومەت و سامانی خەڵک و ئەخلاق و زانست و چنگیان ناوەتە قورگی هەرچی بەنی ئادەمەو تەواو زاڵا بون بەسەر فکرو ئاین و کاروکردە و ژیان و مامەڵەی رۆژانەی هاوڵاتیان بەجۆرێ هەرچی بەهای ئاینی و مرۆییە تحریف یان کردووەو لەبەریەکیان هەڵوەشاندووە.. وەهەرچی هەیە لەژێر هەیمەنەو بڕۆیە!! کاتێ هەڵەکانیشیان دەستنیشان کراو قسەلەخراپی و کارە نادروستەکانیشیان کرا ئەوە لەبری دەستخۆشی دۆزینەوەی رێگەچارە بێشک




چونکە سیاسەتی میکاڤیلی جگە لە درۆو هەڵخەڵەتاندن و فرت وفێڵ و خۆویستی و بەرژەوەندی تایبەت و لایەنگری چینی سەرووچەوسێنەران و درندایەتی و داگیرکاریو نیشتیمان فرۆشی و دزی و... هیچی تر نییە، سیاسەت لەمانا راستەقینەو جوانەکەی خۆی لادراوە بۆمانایەکی قێزەون کەبریتییە لەدرۆو دەلەسەو جگەلە خراپە لەلایەن خەڵکەوە هیچ مانایەکی تر ناگەیەنێ و هەڵناگرێ.. لەسەرئەوە دەبینین (شاجۆرجی بەریتانی) کاتێ بینی لەسەر گۆڕێک نوسرابوو ئەوە گۆڕی سیاسەتمەداری راستگۆ (فلانی کوڕی فلانە) شا گوتی سەرم سوڕماوە چۆن دووکەس لەیەک گۆڕدا شاردراونەتەوە!! دەست و پێوەندەکانیش بێ ئەوەی لەسەریەک راوەستن(وەک ئێستا ئاسا) پێیان وت قوربان یەک گۆڕەو یەک کەسە.. گوتی نەخێر سیاسەتمەداریکەو راستگۆیەکیشە( واتا دوو) !! واتا سیاسەتمەدارو راستگۆ یەک نین..جودی.ل ٤٩.

ئێستاش هەرلەبەرئەوەیە خەڵکی رقیان لە سیاسەت و سیاسیانیشە، چونکە هیچی دزێو نەما بەسەر میللەتی هەژارو بێ دەسەڵات و خەمخۆران، دڵسۆزان، ئازادی خوازان و... نەهێنرێت، هەر لە فڕاندن وکوشت و تیرۆر و داپڵۆسینی دەنگی ئازادی بەویژدان و هێنانی هەرچی سیفاتی سەلبییە بۆناو کۆمەڵگە.. تێبەربونی خەڵکانێکی نامەسئول و بێویژدان لە سەروسامانی میللەت.. هەرئەو جۆرە سیاسەت و شێوە وڵات بەڕێوەبردنەشە کەبووەتە مایەی دواکەوتنی کۆمەڵگەو چەقبەستویی و نەبونی پێشکەوتن لەهەموبوارەکانی ژیاندا.. خۆئەگەر بڕیارە هەر ئەوە بەرنامەو کارو ستراتیجیەتی سیاسیان بێت، زۆر نزیکە خەڵکی بەگشتی لەداخی سیاسی یە دەسەڵاتدارەکان و ئەو سیستمە پڕناعەدالەتی و تالانکاری و نائەمنی و نەبونی لێپرسینەوەو بێکاری و پەرەسەندنی هەژاری و تەفرەقەو نەمانی دڵسۆزی و خۆشەویستی نەتەوە ونیشتیمان و دانانی خەڵکی ناشایستەو ئەوهەمو فەسادییە.. ئەوە جیا لەوەی ئەوهەمو قەیران و کێشە دەرەکی یەو دوژمن و ناحەزەی کەهەیە.. ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری و شۆڕشێکی نوێ بەرپابکەن و چیتر دەستەو ئەژنۆ دانەنیشن و ئیتر کۆتایی بەم هەمو دەرەتانی و نەگبەتی یە بێنن.